# جوانترین گوته

حەمەسەعید حەسەن

دەستپێکی چیرۆکی ژیانم
لە ڕۆژی ناسینی تۆوەیە،
من پێشتر تەلاری ئومێدم هەرەسی هێنابوو،
لە گۆمی لیخنی یەئسدا
چاوەڕێی مردن بووم،
تەرمیٚ بووم لە ڕۆخی گۆڕێکدا،
ئەفسوونی ئەوینت ژیانی بە بەردا کردمەوە.
خەفەتم کێویٚ بوو،
لە زەریای بێبن و بەرینی چاوانتا نوقمبوو،
بە ژینم قەرزاری مژینی لێوی تۆم،
تۆ نەبای، من دەنگم بڕابوو،
پلوسکی هۆنراوەم گیرابوو،
هەنووکە گوتەیە شك نابەم
جوانتر بیٚ لەو دێڕەی کە دەڵیٚ:
ئامێزی گەرمی ژن، بەهەشتی پیاوانە.

24/3/2002